بەریتانیا

# حەمەنامە (8) ... سامان عەبدوڵڵا یونس

پێشینان وتویانە قسە هەزارە دوانی بەکارە، بەڕوخسەتی پێشینان من ئەوەشی دەخەمە سەر و دەڵێم بەمەرجێک یەک لەو دوو قسانە بوختان نەبێت، چونکە قسە ئەگەر بوختان بوو، نەکە هەر بەکار نابێ بەڵکوو بکەرەکەشی شەرمەزار دەکات، ئەوەتا وەک ئەو قسەیەی کە کاکە حەمە دوێنی لە سەرکۆمارنامە 9 ی لێی کەوت، منیش لەحەمەنامە دا دۆزیمەوە و سەرەنجامیش بۆ من و بۆ هەموو خوێنەرانیش ئەو قسەیە بوختان دەرچوو، ئاخر تاڵەبانی یەکەم کوردی سەرکۆماری عێراق، لە مێژووی دروست کردنی ئەو کۆمارەوە تانهۆ و یەکەم سەرکۆماری پێشمەرگە لە مێژوو ئەو دەوڵەتە بەزۆر داتاشراوەدا، ئاخر بەڕێشی کێ، جگە لە کاکە حەمە نەبی، ڕەوایە، دوای زیاتر لە نیو سەدە خەبات بۆ کوردایەتی و کوردستان، تاڵەبانی، یەک لە دوو باشترین سەرکردەکانی کورد، بەوە تۆمەتبار بکرێ کە گوایە دەخوازێت مۆدیلی دیموکراسی عێراق بۆ کوردستان بگوازێتەوە! بوختانێکی لەو چەشنە مەوداکەی ئەوەندە کورت بوو، نەیتوانی لە چەند ڕۆژێک زیاتر بڕبکات و لەسەرکۆمارنامە 9 ی کاکە حەمە دا دەکەوێت و ناگاتە سەرکۆمارنامە 10، سەرکۆماری هێژا، تاڵەبانی، بۆ ئاشتی و ئاوەدانی، سەردانی، بەڕێز بارزانی دەکات و لە هەنگاوێکی بوێرانەی، کوردانەی، دلێرانەی دیکەدا، سەری هەموو کورد بڵندتر دەکات و مۆدیلی دیموکراسی کوردستان، نەک هەر لە قەیرانێکی کوشندە، حەکیمانە دەرباز دەکات، بەڵکو بەهاوکاری لە گەڵ بارزانیدا مەڵۆیەکی دیکەش دەخەنە سەر خەرمانی پڕ بەرەکەتی دەسکەوتەکانی کورد، بەمەش تۆمەتە ناڕەواکە کاکە حەمە دەبێتە تۆزی بەرباد لە خاکی دامەنی گەورەیی تاڵەبانی دا.

تاڵەبانی و یەکێتی‌ی کە باوەڕیان بە کوشتن و هەڵواسینی، کورد کوژو دیکتاتۆرێکی وەکوو سەدام نی‌یە ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کەسەرخان و فکری سیاسی ئەوان، دەتوانێ سێکوچکە دواکەوتوەکانی عەقلیەتی ڕۆژهەڵاتی کەلەسەر دەمارگیری و خزمایەتی و خوێن و تۆڵە، ، کە لەسەر کلتورێک لە جیاوازی و توند و تیژی ڕۆنراون تێپەڕێنێ، بۆیە دەتوانم زۆر ڕاشکاوانە بەکاکە حەمە بڵێم، ئەگەر ئەمجارەش کەمێک نەساغیت و بە چونەوە باوەشی ئەو دایکەی کە تۆ هەمیشە بەناڕەوا پەلاماری باشترین جگەر گۆشەکانی دەدەیت، چاک دەبێتەوە، بێ ترس و دوودڵی فەرموو بڕۆ، چونکە دلنیابە و دڵنیاشت دەکەمەوە، کە یەکێتی‌ی بایی ئەوەندە زیاتر سنگی فراوانە، نەک هەر تیرۆرت ناکەن، بەڵکوو لە گوڵ کاڵتریشت پێ ناڵێن، ئەگەر متمانەش ناکەیت من وەکوو ڕۆژنامەنوسێک و وەکوو کادرێک کەساڵانێکی زۆر بەشانازیەوە خەباتم لە ناو یەکێتی‌ی دا کردووە، ئامادەم بە شاهیدی هەموو خوێنەران، هەموو هاوکاریەکت بکەم بۆ ئەو سەفەرە.

ئەگەرچی من تا ئێستا لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ هیچ لێپرسراوێکی سلێمانی دا نەکردووە، بەڵام هیچ گومانم لە باوەڕ و هێڵی فکری و دیموکراسیانەی ئەوان نی‌یە، تۆ دەتوانیت بچیتەوە شارەکەت [سلێمانی] وگیان و حورمەت و کەرامەتت پارێزراو بێ، دەتوانیت لەوێ بەشەکانی دیکەی سەرکۆمارنامەکانت بنوسی، بەڵام من ناتوانم گرەنتی وەرگرتنی خەڵاتت بدەمێ، بەڵام دەتوانم گرنتی هەموو هەڵسوڕانێکی سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیریت بدەمێ، دەتوانیت هەر لەوێ جەلالینامەکە و سەرکۆمارنامەکەت بکەیتە کۆڕ و سمینار، دەتوانیت زۆر ئازادانە بیر و

ڕاکانی خۆت هەر بەو زمانەی پێی دەنوسیت دەربرِی، بەڵام تکایە تۆش ڕێگە بدە خەڵکی تر قسەی خۆی بکات و تکایە ئەگەر بۆچوونی جیایان هەبوو، بە مێگەل و عەوام و قەڵەموەشێنیان تۆمەتبار مەکە.

لەباوەڕی یەکێتیی دایە کە کوردستان تاپۆی هیچ پارت و بنەماڵە و کەسێک نییە، کوردستان نیشتمانی هەموومانە، بۆیە یەکێتیی نەک هەر ئازادی سەفەر بۆ تۆ، بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێک دابین دەکات، ئەوەی کە پێت وایە بچیتەوە یەکێتیی دەتکوکژێ، جگە لەوەهم هیجی دیکە نییە، ئەمە زادەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژی خراپە کە ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و گومانە نادروستانەی بۆ دروست کردوویت و هیچی دیکە نییە، بەڵام تکایە ئەم چەند دێڕانەی من کە لە دڵسۆزیەوە بۆم نوسیویت، بە هەڵە لێکیان مەدەوە، واش تێمەگە کە ئەوە چرای سەوزی یەکێتییە لەڕێگای منەوە بۆت داگیرساوە، وەکوو لە سەرەوە پێم ڕاگەیاندی ئەوە تەنها ڕاو بۆچوونی منە، دەنا بۆ یەکێتیی چوون و نەچوونەوەت هیچ لەباروودۆخەکە ناگۆڕی، تەنها ئەوە نەبێ کە تۆ چیتر دەرفەتی ئەم هاش و هوش نوسینەت نامێنێ، برِۆ بەدیداری نورانی زێدی نیشتمانت شاد ببەوە، بێ ئەوەی لەیەک حەرفی خۆت پاشگەز ببیتەوە، تۆ جگە لە بوختان چ زیانێکت بەیەکێتیی گەیاندووە، تابیر نەک لە کوشتن بەلکوو وەڵامدانەوەشت بکاتەوە.

ڕەبی مووی لێ بێ زمانی و پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن، بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ.

slemanyunes@yahoo. co. uk